ئینتەرپۆل بەدوابەری پێشووی بانکی TBI عێراقی رادەستی حکومەتی عێراق کرد

ئەمڕۆ پێنجشەممە، دەستەی دەستپاکی عێراق رایگەیاند، لایەنی پۆلیسی ئینتەرپۆلەوە بەدوابەری پێشوی بانکی عێراقی بۆ بازرگانی TBI لە ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو دەستگیرکراوە و رادەستی عێراق کرا.

لە راگەیەندراوێکی دەستەکەدا هاتووە، رادەستکردنەوەی حەمدیە جاف بە هاوکاری لێگەڕانی پۆلیسی ئینتەرپۆل لە سەرەتای مانگی رابردودا ئەنجامدراوە، کە ناوبراو بۆ تاوانی زیانگەیاندن بە سامانی گشتی بە بڕی زیاتر لە ملیارێک و 25 ملیۆن دۆلار سزا دراوە.

لە مانگی ئازاری ساڵی 2024 دەستەی دەستپاکی وردەکاری سەبارەت بە رادەستکردنەوەی ئەو کەسانەی کە تاوانبارن بە گەندەڵی و وەرگرتنەوەی سەروەت و سامانی ڕاگەیاندبوو.

ئەوەکات سەرۆکی دەستەی دەستپاکی رایگەیاندبوو "مەلەفکانی حەمدیە جاف کاریان لەسەر دەکرێت، خاوەنی 17 مەلەفە، ئەو پارەیەی کە قەرزاری عێراقە نزیکەی دوو ملیار دۆلارە، لە ئێستادا پێنج مەلەفی تاوان کراوە، یەک فایلیش بەس بە ڕادەستکردنەوەی و دادگاییکردنی".